بناغەی سۆشیالیزم ئینسانە
سۆشیالیزم بزووتنەوەی گەڕاندنەوەی ئیرادەی ئینسانە
منصور حکمت

# بەرەو سۆشیالیزم
# ٧١



بڵاوکراوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق | ژمارە ٧١ - ١٧ ی نیسان ٢٠١١ | www.socialismnow.org | serdarabdulla@hotmail.com

# ڕێگەی سێهەم بۆ گۆڕینی دەسەڵات ڕێگای شەقام و شۆڕشە!!

## وەڵام بە مەکتەبی سیاسی پارتی ویەکێتی!

لەوەڵام بە داواکاری لایەنەکانی ئۆپۆزسیون لە پەرلەمانی کوردستاندا ( گۆڕان ویەکگرتوو و کۆمەڵ)، کە داوای هەڵوەشانەوەی حکومەت دەکەن و بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی و هەڵبژاردنەوەی پێشوەخت بۆ چارەسەرکردنی قەیەرانێک کە ئێستا کوردستانی پێدا تێدەپەڕێ، ئەوان ئەم داوایەی ئۆپۆزسیون ڕەد دەکەنەوە و بە ناشەرعی و نا دستوری ناوی دەبەن و دەڵێن ئەوان پەرلەمانیان جێهێشتوە لە شەقامەوە لەگەڵ پەرلەمان وحکومەت دەدوێن.

ئەوان مەکتەب سیاسی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار دەڵێن دوو ڕێگا بۆ گۆڕینی دەسەڵات مەترەحە کە ئەوانیش یەکەم لەڕێگای هەڵبژاردن و دەستورو یاساوە ، واتە گۆڕانی دەسەڵات لەڕێگای دەست بەدەست کردنی دەسەڵاتەوە، دووەم ڕێگای **کوودەتاو خوێنڕشتن و ئاژاوە و یاخیبوونە.** یانی بە پرۆسەیەک کە مایە پوچیەکەی بۆ هەموو خەڵکی کوردستان ڕۆشن بوەتەوە بە ڕویدا خۆپێشاندان و ڕاپەڕین شکڵی گرتووە هەڵبژاردن وەک پرۆسەیەکی قیزەون چاوی لێدەکرێت هیج وەزنەیەک لە داواکاریەکانی شەقام پێک ناهێنی، کە دیارە ڕاپەڕین وخۆپێشاندان بۆ دەسەڵات کودەتا و ئاژاوەگێڕی وخوێن ڕێژیە. کە بۆ هەموو لایەک ڕۆشنە لە چەند دەیەی ڕابردوودا بە ئێستاشەوە کودەتا و خوێن ڕێژی یەکێک بووە لە ڕێگاکانی بۆرژوازی لە عێراق و ناوچەکە بۆ گۆڕینی دەسەڵات ڕوویەکی تری بێ ئیرادەکردنی جەماەر و مەحرم کردنیان بووە لەدەسەڵات بەڵام ڕێگای سێهەم کە شۆڕش و ڕاپەرێنە هەمیشە ڕێگای جەماوەری فراوان بووە بۆ گۆڕینی دەسەڵات.

داواکاری هەڵوەشانەوەی حکومەت داواکاری ئۆپۆزسینە و دەیەوی وەک داواکاری شەقام بیخاتە ڕوو لەکاتێکدا جەماوەری فراوانی کوردستان داواکاری ئەوەن ڕاستەوخۆ لەدەسەڵاتدا دەوریان هەبێ و لەپشت سەری ئەوانەوە هێچ پرۆسەیەک بەڕێوە نەچێت نە هەڵبژاردنی پێشوەخت و نە پاش وەخت نە حکومەتی تکنۆکرات ناتوانێت ئەم خواستەی جەماوەر نوێنەرایەتی بکات. بەڵکو داواکاریەکانی ئەوان زۆر ڕۆشن و ئاشکران کە پێش حەوت هەفتە بە نوسراو خراونەتە بەردەستی دەسەڵات و کۆمەڵگەو کە بریتین لە ئاڵ وگۆڕی ڕیشەیی بۆ فەراهەم کردنی ئازادیە سیاسیەکان و دابێن کردنی ریفاە و خزمەتگوزاری لەهەموو مەیدانەکاندا و موحاکەمەی تالانچیانی سەروەت وسامانی کۆمەڵگەو ئەوانەی دەستیان هەیە لە خوێنی جەماوەردا. بەڵام هەم ئۆپۆزسیون هەم دەسەڵات خەریکن داواکاریاکانی خەڵک دەکەنە دەسمایەی کێشمەکێش و دابەشکردنی کورسیەکانی دەسەڵات لەنێوانیاندا.

بەڵام جەماوەری کوردستان تەنها کۆتا نایەن بە چەند ئاڵ وگۆڕێکی سیاسی و ئابوری بەڵکو گۆڕینی

بۆ لاپەرە ٣

**ئەمڕۆ هێزە چەکدارەکان خۆپێشاندانی شاری سلێمانیان ڕوو بە ڕووی توند تیژی کردووە!!**

**لە لاپەرە ٤**

**پشتیوانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق لە پلاتفۆرمی چەپ**

**لە لاپەرە ٢**

**پەیامی سەردار عەبدوڵا ( حەمە ) بۆ خەڵکی ئازادیخوازی هەڵەبجە و هۆرامان**

**لەلاپەرە ٢ بخوێننەوە**

## کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی لەیلان بۆ سێەم جار خۆپێشاندان دەکەن !

کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە جارێکی تر دوێنی لە بەردەم دەرگای کارگەکە دەستیان دایە خۆپێشاندان دوای ئەوەی وەلامی داخوازیاکانیان نەدرایەوە، لە ماوەی ڕابردودا کە دوو جاری لە مانگی ڕابردودا بۆ هەمان داواکاری خۆپێشاندانیان ئەنجام دابوو.

خۆپێشاندانی دوێنی کە زیاتر لە سەد کرێکار و فەرمنبەر بەشدار بون تێدا، داواکاریەکانیان لەم داواکاریانە پێک هاتبوو زیادکردنی دەرماڵە لە 30% وە بۆ 50% ، دامەزراندنی کرێکارانی کاتی بۆ کرێکارانی دایەمی کە ئێستا ئەمە یەک سیاسەتی دژی کرێکاریە لەسەراسەری عێراقدا، دانی زەوی بەوکەسانەی کە خانویان نیە بۆ زیاتر لە 15 ساڵە کرێکارن یان فەرمانبەرن لەو کارگەیە، دابێن کردنی ئۆتۆمبێل بۆ

**بۆ لاپەرە ٣**

## کاتی ئەوە هاتووە بڵێین " بڕووخێ "
## پەیامێک بۆ خەڵکی کوردستان



**سەردار عەبدوڵا حەمە**

وەڵامەکەی مەسعود بارزانی بۆ داخوازیەکانی خۆپیشاندەران ئەو راستیەی سەلماند کە ئیتر ئەم دەسەڵاتە بەکەڵکی کۆمەڵگای کوردستان نایەت و بە هیج جۆرێك نوێنەرایەتی بەرژەوندیەکانی ئەم کۆمەڵگایە ناکات . وەڵامەکەی مەسعود بارزانی زەمینە خۆشتر دەکات بۆ ئەوەی خەلکی لە جیاتی کۆبوونەوەو خۆپیشاندانی هێمنانە پەنا ببات بە خۆپیشاندانی پەلاماردەرانە چونکە ئەو لە جیاتی وەڵام بە خواستەکانی خەلك هەرەشە دەکا خەریکە دەبێتە قەزافی کوردستان . وەڵامە پێنج خاڵیەکەی بارزانی درێژەی هەمان سیاسەتێکە کە ماوەی بیست ساڵە باڵی رەشی خۆی کێشاوە بەسەر خەڵکی کوردستاندا واتە سیاسەتی سەرکوت و زەبرو زەنگ ، سیاسەتی قەدەغە کردنی موخالیفی سیاسی ، سیاسەتی قەدەغە کردنی خۆپیشاندان و مانگرتن و کۆبوونەوە ، سیاسەتی هەرەشەی تەلەفۆنی و فراندن و دەسگیر کردن وتیرۆر کردنی مخالیفانی سیاسی و نوسەران و رۆژنامە نوسان و خوێندکاران ،هەلکوتانە سەر ماڵان ، سیاسەتی بە کارهێنانی

بۆ لاپەرە ٢

**ئازادی یەکسانی حکومەتی کرێکاری**

# پشتیوانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق لە پلاتفۆڕمی چەپ

ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵکی کوردستان بۆ دابین کردنی داواکاریە بەرهەقەکانی لە ژێر کارکرد وکەش هەوای شۆڕشەکانی تونس ومیسر و ناوچەکە، بزووتنەوەیەکی چەپی و کرێکاریە بەداواکاری و ئەمانج خواستەکانیەوە. دەخاڵەتی چالاکانەی کۆمۆنیستەکان و ئازادیخازان ویەکسانیخوازان و باڵی چەپی کۆمەڵگە لەم بارودۆخەدا مەسەلەیکی هەنوکەییە و هەرچی زیاتر دەبێ ئەم مەیلە بەهێزتر و یەکگرتوو تر بهێنێنە مەیدان وەک یەک هێزی سیاسی بەقودرەت.

ئێمە بۆ بۆ بەهێزکردنی باڵی چەپی کۆمەڵگە بە هەموو شکڵ و شێوەیەک تێدەکۆشین و پیمان وایە کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی سکۆلارە بۆ نان و ئازادی هاتوەتە مەیدان کە بۆ بیست ساڵ دەچێت بەبەدەستی کۆمەڵێک حزبی ئیسلامی ناسیۆنالیستی – عەشیرەتیەوە دەناڵێنی و چاوەڕوانی دەورگێڕانی چەپەکان و ئازادیخوازان و یەکسانی خوازانی ئەم کۆمەڵگەیەیە هەر هەنگاوێک لەم ڕاستایەدا لەلایەن هەر کەسایەتی و لایەنێکەوە بخرێتە ڕوو جیگای پشتیوانی ئێمەیە.

پلاتفۆڕمی چەپ یەکێکە لەو هەوڵانە، ئێمە بەم بەیانە پشتیوانی خۆمان لەو پلاتفۆڕمە ڕادەگەیەنین و بەهێز دەکەین باآنگەوازی کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان و یەکسانیخوازانی کۆمەڵگە دەکەین بۆ پشتیوانی لەم پلاتفۆرمەوە.

ئێمە بەبێ ئەو پلاتفۆڕمەش بێسلکردنە و بەشێوەیکی پراکتیکی لەم ڕێڕەوەدا کارمان کردوە هەوڵمان داوە ئەم مەیلەی یەکگرتووی هێزی چەپە بەهێز بکەین.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق لەهەمان کاتدا تێدەکۆشی هەرچی زیاتر ئەم پلاتفۆرمە ڕادیکالترو و بەهێزتر لەب

ەرابەر باڵی ڕاستی کۆمەڵگەدا بەهێز بکات و بۆ گەیشتن بە دەسەڵادارێتی چینی کرێکارو دامەزراندنی دنیایەکی ئازاد و یەکسان باشتردا بێوچان تێدەکۆشێ.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**
**12 ی نیسانی 2011**

# پەیامی( سەردار عەبدوڵا حەمە ) بۆ خەڵکی ئازادیخوازی هەڵەبجە و هۆرامان

**ئازیزانم !**

خۆپیشاندانەکانی ئێوە لە هەڵەبجە دووبارە ئەو ڕاستیەی سەلماندەوە کە ئێوە هەروەك چۆن زوڵم وسەرکوت و ناعەدالەتیتان لە حکومەتی بەعس قبوڵ نەکرد هەروا لە دەسەڵاتدارانی گەندەڵ و ڕاوڕووتکەری پارتی و یەکێتیشی قبوڵ ناکەن . ساڵانی حەفتاکان وهەشتاکان ئێوە چەندین خۆپیشاندان نارەزایەتیتان ئەنجام دا لە دژی حکومەتی بەعس ئەو کاتە کە منیش لە گەڵتان بووم وە شانبەشانی ئێوە دەچوینە سەر جادەکانی کانی قوڵکە و پاشا و پیر محمد و کانی عاشقان و سەراو ناوەڕاستی بازار ، هیچ سڵمان نە ئەکردەوە لە گوولله ودەبابەو تەیارەو سەمتیەکانی ڕژێمی فاشیستی بەعس ، دڵنیام ئێوە ونەوەکانی ئەمرۆی هەڵەبجە بە هەمان شێوە سڵ ناکەنەوە لە دسترێژی گووللەو لە چەقۆ بەدەستەکانی دسەڵاتدارانی ئەمڕۆ کە بە ناوی کوردایەتیەوەو بە ناوی دیموکراتیەوە هەمان زوڵم ستەمیان لە سەر ئێوە هێشتوەتەوە .

بیست ساڵە تاڵاوو ژەهراوی ئەم دەسەڵاتەی کوردایەتی ئەچێژن ، بیست ساڵە ئێوە جێگای دونیا نەما پڕی نەکەن لە هاوارو ناڵەی خۆتان سەبارەت بە ئاوەدان نەبوونەوەی شار و نەبوونی خزمەت گوازاریەکان و بە فریانەکەوتنی برینداران و کەس وکارانی کیمیا باران. بەڵام کاربەدستانی دەسەڵاتی کوردایەتی نەك هەر گوێ پێ نەداون و خواستەکانی ئێوەی هەڵداوەتە ناو زبڵدانەوە لە هەمان کاتدا لە سەر حیسابی ئێوە خۆیان کردوەتە ملیاردەرو ملیۆنەر بەوەوە نەوەستاون کە چەندین کۆشك و تەلاری ڕازاوە لە کوردستان بۆ خۆیان بنیات بنێن بەڵکو پارەکانیان لە بانکەکانی دەرەوەدا دەخەوێنن . دیارە ئێوەش ئەم ڕاستیانە چاك دەزانن بۆیە ئەمڕۆ هاتوونەتە سەر جادە وداوای کۆتایی هێنانی ئەم نا عەدالەتیە و ئەم بارو دۆخە دەکەن.

من پشتیوانی خۆم بۆ داواکانتان را دەگەیەنم لە هەمان کاتدا داوا دەکەم تەنها بەخواستەکانی خۆتان ڕازی نەبن جگە لە خواستە مەحەلەیەکانتان خواستەکانی مەیدانی ئازادی سلێمانیش بکەنە خواستی خۆتان ،ئێوە بەشێکن لە خەڵکی کوردستان هەموو پێکەوە یەك ئامانجتان هەیە ئەویش نەمانی نایەکسانی و بە دی هێنانی ئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسی و کۆبوونەوەو خۆپیشاندانە ، هەموو دەتانەوێ دسەڵاتی حیزب بە سەر هاوڵاتیانەوە نەمێنێ ، تاوانباران و بکوژانی خەڵکی بێ دیفاع دادگایی بکرێن و بە سزای خۆیان بگەن .

هەرەوها داوام لە خەڵکی هۆرامان ئەوەیە پشتیوانی لە خەڵکی هەڵەبجە و سەرجەم خەڵکی کوردستان بکەن ، لە ناو مەیدانەکانی شارۆچکەی تەوێڵەو بیارەو خۆرماڵ کۆببنەوە و کۆبوونەوە خۆپیشاندانی هەزاران کەسیتان ئەنجام بدەن . تەماشا بکەن چۆن دسەڵاتدارانی یەکێتی و پارتی پشتیوانی لە شێخ وبەگ و سەرمایەدارەکانی هەورامان دەکەن و ئێوە فەرامۆمش دەکەن ، دەبێ ئێوەش هاوپشتی بکەن لە کرێکاران و زەحمتکێشان وژنان و لاوانی کوردستان تا بەدی هێنانی خواستەکانتان.

**خەڵکی ئازادیخوازو یەکسانی خوازی هەڵەبجە ؛**

درۆ وبوختان چەواشە کاری وتۆمەتەکانی دسەڵاتداران لە ڕێگای میدیاکانیانەوەو لە ڕێگای کەسانێکی بە ناو رۆشنبیری خەلکی هەڵەبجەو بە تایبەت کەسانێکی هەلپەرستی وەك ( ئازاد تۆفیق) ساردتان نەکاتەوە لە خۆپیشاندان و کۆبوونەوەکانتان.

**خۆشەویستانم**

ئەم دەسەڵاتەی ئەمڕۆ لە کورردستان نایەوێ خواستەکانی ئێوە دابین بکا چونکە بە دیهێنانی خواستەکانی ئێوە هاوتایە لە گەڵ مەرگی خۆیان ، تەمەن و ژیان و دەسەڵاتی ئەوان هاوتایە لەگەڵ سەرکوت و ناعەدالەتی و نایەکسانی . ژیانێکی مۆدێرن و سکولاریست بۆ خەلکی کوردستان لە قازانجیان نیە، نایانەوێ بێکاری و گرانی و برسیەتی بنبڕ بکرێ ، نایانەوێ ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی هەبێ و دین لە دوڵەت جیا بێ ، ئازادی خۆپیشاندان وبیرو ڕا هەبێ و نایەنەوێ ژنان لەگەڵ پیاوان یەکسان بن ، نایانەوێ منداڵان ومێرد منداڵان و گەنج و لاوەکان ژیانێکی هاوچەرخیان هەبێ . بۆیە دەبێ ("نا "بۆ ئەم دەسەڵاتە) ئامانجتان بێ وە بەدیهێنانی دەسەڵاتی راستەوخۆی خۆتان لە ڕێگای شوراکانەوە بە دوور لە دەسەڵاتی حیزبی ئامانجتان بێ . لەم ڕێگایەوە دەکرێ دەسەڵاتی حزب بە سەر هاوڵاتیانەوە کۆتایی پێ بێ ، دەسەڵاتی شوراکان ئەو دەسەڵاتەیە کە ئیرادەی خۆتان دەهێنێتە مەیدان و ئینسانی بوونی ئێوە دەسەلمێنی . بە کۆبونەوەتان لە گەڕەك و کارگاو ئیدارەکان و هەڵبژاردنی نوێنەری خۆتان دەتوانن دەسەڵاتی شاروناوچەکانی خۆتان بگرنە ئەستۆ وە نوێنەری ئێوە دەتوانێ لە دەسەڵاتی مەرکەزیدا بێ ، دەسەڵاتی شورایی ئەوەیە هەر کات نوێنەرەکانتان نەیانتوانی ئامانج و خواستەکانی ئێوە دابین بکا دەتوانن لایان ببەن نوێنەری تر دابنێن.

سەرکەوتوو بێ شۆڕش و ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان
بژی ئازادی یەکسانی
بژی دەسەڵاتی راستەقینە و راستەوخۆی خەڵك

٢٥/٣/٢٠١١

**بەرەو سۆشیالیزم**

**سەرنوسەر :**
**سەردار عەبدوڵا حەمە**

**تە لە فون:**
14165615131

**بەڕێوەبەری نوسین :**
**ڕێبین فاروق**

**دە ستە ی نو سە ران:**
**سمیر نوری،**
**سە ر گوڵ ئە حمد،**
**کاروان ئە جمە دین،**
**ستار حە مە علی**

## پاشماوەی ڕێگەی سێەم

دەسەڵات بە ئەمری خۆیان دەزانن میکانزمی ئەم ئاڵ وگۆڕەش بۆ ئەوان نە کودەتایە و نە خوێنڕێژی ونە دەساو دەسکردنی دەسەڵاتە لە ڕێگای هەڵوەشانەوی حکومەت و دانانی کەسانێکی تر چی ئۆپۆزسیون بێت یان کەسایەتیەکانی تری دەسەڵات، بەڵکو گۆڕینی دەسەلاتە لە خوارەوە لە ڕێگای شەقام و بەرپاکردنی شۆڕشەوە. بەرپا کردنی شۆڕش و گۆڕێنی دەسەڵات لە ڕێگای شۆڕشەوە نە حەرامە ونە کودەتاو ئاژاوگێڕیەو بەڵکو پرۆسەیەکی جەماوەری مێژویی جێکەوتەی مێژوی بەشەریە ولە شۆڕشی گەورەی فرانسەوە تادەگات بە شۆڕشە مەزنەکانی سەدەی ڕابردوو سونەتێکی ئینسانی و جەماوەری بووە، شۆڕشی تونس و میسر ئەم سونەتە و ڕێگا چارەیەی جارێکی تر لە فکرو پراکتی جەماوەردا چەق پێ بەست وهەموو جیهان دانی پێیدا نا.

١- ئێمە وەک حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق تەئکید لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەینەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دەسەڵات لە کوردستاندا:

**بۆ لاپەرە ٣**

**نەمان بۆ دەسەڵاتی میلیشیایی بژی دسەڵاتی شورایی**

# هەولێر ئازاد نیە ، دەبێ جارێکی ترئازاد بکرێتەوە !

ئەگەر مانای ئازاد کردنی هەولێر لە دەستی حیزبی بەعس بووبێ بەڵام ئەمرۆ هێشتا ئەم شارە ئازاد نیە . چونکە خەلکی نارازی ئەم شارە ناتوانن خۆپیشاندان و مانگرتن و کۆبوونەوە ئەنجام بدەن ، رۆژنامە نوسان تیرۆ دەکرێن بارەگای مخالیفانی سیاسی ئاگر تێ بەردەرێن چالاکوانانی بزووتنەوە نارازیەکانی دەرفرێنرێن و یاتیرۆر دەکرێن یا زیندانی دەکرێن و پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر بە کەفالەت ئازاد دەکرێن یا بە تەلەفۆنی هەرەشەی کوشتنیان لێ دەکرێ ، فرۆشتنی رۆژنامەی موخالیفان قەدەغە دەکرێ ، رێگا بە خەلکی هەولێر نادرێ هاتوچۆی سلێمانی بکەن و رێگا بە خەلکی سلێمانی نادرێ بێنە ناو هەولێرەوە .رۆشنبیران و مامۆستایانی زانکوناتوانن کۆببنەوە دەردی دڵی خۆیان هەڵرێژن و شار میلتیارەزە دەکرێ و . یەکێتی قوتابیان زانکۆ دادەخەن و کامێرا بۆ بەشە ناوخۆیەکان کچان و کوران دادەنرێ فازیل میرانی هەرەشەی دەست برینی خەلك دەکا و مەسعود بارزانیش بە ناوی ئەوەوە کۆمەلێك کەس دەیانەوێ ئەزموونی کوردستان تێك بدەن هەرەشە دەکا ...هتد .ئیتر ئازادی چ مانایەکی هەیە بۆ ئەم شارە ! کەوایە باشتر وایە بلێین هێشتا هەولێر ئازاد نەبووە ، تەنها دەمو چاوی سەرکوتگەرەکان گۆڕاوە بە گۆڕینی دەمو چاوەکان و بە مانەوەی سەرکوتگەری شارەکە هێشتا ژێر دسەتەیە لە ژێر باڵ و چەپۆکی دژمنانی ئازادیدایە. . دەبێ جارێکی تر ئازاد بکرێتەوە.

ئایا ئازادی دەدرێ یا دەسەێنرێ ؟ لە وەڵامی ئەمەدا دسەلات دەڵی خۆمان ئازادی دەدەین و ئۆپۆزسیۆنی بوروزاییش دەڵین دەبێ ئازادی بدرێ لە لایەن دەسەلاتەوە ، بەلام دەسەلات تا بۆی بکرێ ئازادی زەوت دەکا بۆیە دبێ ئازادێ بسەێنری ئەوەشی دەتوانێ ئازادی بسێنێ تەنها هێزی یەکگرتوو و رێکخراوی خەلکی کرێکار وزەحمەتکێشەو لە گەڵ هێزی ژنان وخویندکاران و کارمەندان ورۆشنبێرانی ئازادیخواز.

## پاشماوەی کاتی ئەوە هاتووە بڵێین " بڕووخێ " ................

چەك لە بەرانبەر بیروباوەر و بیرورا دژەکانی دسەڵات.

بارزانی لەو خاڵانەدا کە باسی دەکات جگە لە هەرەشە لە هەڵسواراوانی خۆپیشاندەران و گرتن دەسگیر کردنیان و قەدەغە کردنی خۆپیشاندان هیچ ئامانجێکی تری نیەو ئەوەی کە باس لە دەسگیر کردنی تەقەکەرانی بکوژان وبریندارەکانی خەلکی کوردستان دەکا پیلانێکە و وە بۆ رووپۆش کردنی ئەم ئاما نجەیە .

ئەم دەسەڵاتە دەمێکە رایگەیاندووە کە نایەوێ چاکسازی بکا و مل بدا بە داخوازیەکانی خەلکی کوردستان ، ئەوەی بۆی گرنگ نەبووە ماف و خواستەکانی خەلکی کوردستان بووە ئەوەی بۆی گرنگ بووە پاراستنی دسەلاتی مافیایی خۆیان بووە . هەرچەندە مەسعود بارزانی دەڵێ ئێمە خۆمان لایەنگری چاکسازین ! ئەمە ئەو پرسیارە دروست دەکا ئەگەر ئێوە لایەنگری چاکسازین ئەی مەسولی ئەو خراپسازیە کە خەلك ئەمرۆ لە بەرانبەریدا راوەستاوە کێ یە ؟ دیارە دەبێ هێزیك بێ لە غەیبەوە هاتبێ ئەم کوردستانەی خراپ کردبێ و وگەندەلی و تالان وبرۆی کردبێ و خەلکی سەرکوت کردبێ ، مەسعود بارزانی ئەوەندە سیاسەتمەدرایکی ئاست لە خوارە پێی وایە خەلکی کوردستان بەرچاو رۆشن نین و لە راستیەکان تێ ناگەن ، ئەوە نازانێ دونیا ئەمرۆ دنیای ئەنتەرنێت و فەیس بووکە خەلك زۆر باش راستیەکان تێ دەگەن . ئەگەر ئێوە لایەنگری چاکسازین بۆچی کارەباتان بە خەلك نەداوە وەك تەنها نمونەیەکی سادە ، پارە نیە سامان نیە یا لە بەر سەرمایە کۆکردنەوە بۆ خۆتان ئەم خزمەت گوزاریەتان بۆ ئەو خەلکەی کە تەنها خۆتان بە خاوەنی دەزانن , بۆ گرنگ نەبووە .

بارزانی و دەسەڵاتە ناشەرعیەکەی لە باری سیاسییەوە شکستیان خواردوە لە حالەتی بنبەستیدان بۆیە دەیانەوێ فەزای کوشتن و ترس وتۆقاندن و گرتن و دەسگیر کردن زاڵ بکەن بە سەر کۆمەڵگادا وەك پیشەی دۆستەکانیان لە ئێران و سوریاو ناوچەکەدا . بەڵام ئەم فەزایە رقوقینەی خەلك زیاتر دەکا وای لی دەکا لە مردن سڵ نەکاتەوە هەروەك لە میسر و تونسدا بینیمان ئەمانە کاریگەریان لە سەر خەلکی راپەریو نەکرد و نەترسان تا کۆتاییان بەو دەسەڵاتانە هێنا .

ئێستا خەلکی کوردستان لە سەر دووڕیانی مانەوە یا رووخانی ئەم دەسەڵاتەدایە ئەگەر بمنێتەوە ئەوا چارەنووسی خەلك لەمە باشتر نابێ کە تا ئێستا دیویانە بۆیە تەنها رێگا بریاری رووخانی ئەم دەسەڵاتەیە و دانانی دەسەڵاتێکی عەلمانیە کە ئیرادەی خەلك بە سەریدا زال بێت.

بانگەوازی سەرجەم خەلکی کوردستان دەکەم لە پێناوی رووخاندنی ئەم دەسەڵاتەدا بێنە مەیدان و هەر لە ئێستاوە لە گەڕەك و کارگاو ئیدارەکاندا خۆیان رێکخراو بکەن و لە ڕیگای کۆبوونەوە گشتیەکانەوە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن ، با ئیتر کاروانی خەبات و نارەزایتیەکان رووی لە نەمان و رووخانی دەسەلاتی گەندەڵ و تاڵانچیان و دوژمنانی ئازادی بێ ، لە هەمان کاتدا بانگەوازی تەواوی هێزە چەپ وکۆمۆنیستەکان و خەلکی ئازادیخوازی عێراق و کوردستان و جیهان دەکەم کە پشتیوانی لە خەلکی کوردستان بکەن لەم پێناوەدا.

٢/٤/٢٠١١

## پاشماوەی ڕێگەی سێ یەم

ئێمە بروامان بە هێزی جەماوەرو خەڵکی خۆپێشاندەرو شەقامە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دەسەڵات وخۆمان بەبشێکی جیانەبووەوەی ئەم جەماوەرە دەزانین کاربۆ فروان بونەوەی هێزی شەقام دەکەین و شۆڕشی جەماوری بە ڕێگایەکی شەرعی و ئازادیخوازانە و مۆدرێن و ئینسانی دەزانین کۆمەڵانی فراوانی جەماوەر بانگەوازدەکەین لەم ڕێگایەوە کێشەی دەسەڵات یەکالا بکەنەوە ڕێگا نەدەن بەرهەمی ڕەنجی گیانبەختکردووی ئەوان هێزێکی تری دژی خەڵکی بیخاتە گیرفانیەوە.-

٢_کۆمەڵانی خەڵک بانگەواز دەکەین خۆیان ڕێکبخەن و ئورگانەکانی بەڕێوەبردنی گەڕەک و کارگە وکارخانەو زانکۆ پەیمانگاو شارو شارۆچکەکان دروست بکەن، ئەنجومەنەکانی مەیدانەکانی ئازادی فراوان بکەنەوە وەک نوێنەرانی جەماوەر باڵا دەستی بەسەر شەقامدا پەیدا بکەن و خۆیان مەترەح بکەن پا بە پای بەرەو پێش چونی شۆڕش ئەم ئیرادەیەی خۆیان زیاتر بەهێز بکەن و دەسەڵاتدارێتی خەڵک لە شوراکان یان ئورگانە جەماریەکاندا بەرجەستەبکەنەوە

٣- حزبە دەسەڵاتدارەکان شەرعێەتیان نیە و ئەوان هێزی میلیشایای حزبی نمایەندەگی دەکەن دەبێت کورسی دەسەڵات چۆڵ بکەن جێی بهێڵن بۆ شەقام و جەماوەری شۆڕش گێڕ.

٤-حزبە ئۆپۆزسیونەکان دەبێت گوی لەشەقام بگرن هەموو بەند وبەستێك لە پشت سەری جەماوەرەوە بە ناوی داواکاریەکانی جەماوەرەوە مەحکومە و دەبێتە ڕسوای خۆیان، تاکە لایەنێك کە وەڵامی پێیە بۆ بۆشایی دەسەڵات شەقام و شۆڕشە ، ئەوان ئەگەر دەیانەوی لەڕێزی جەماوەردا بن دەبێت مل بدەن بە خواستەکانی شەقام و جەماوەری شۆڕشگێڕو دەسەڵاتێک کە ئەوان دەیخەنە ڕوو.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**
**8 نیسان 2011**

## پاشماوەی...کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی لەیلان

هاتوچۆی بۆ سەرکارو گەڕانەوە کە تا ئێستا تەنها بەڕێوەبەری کارگە لە ئۆتۆمبیلی کارگە ئیستفادە دەکات و لەکاتێکدا بە پێی یاسا دەبێت هەموو کرێکارەکان و فەرمانبەران لەم وەسیلە بەهرەمەندبن.

کە دیارە دەسەڵاتداران بۆ کپ کرنەوەی کرێکاران قەولیان دابو 20 کرێکار دامەزرێنن بەلام لەجیانی کرێکارانی کاتی دامەزرێنن کە لەوێدا بۆ زیاتر لا 10 ساڵە بە شێوەی کاتی کاردەکەن کەسانی تریان هێناوە دایان دەمەزرێنن کە دیارە ئەوەش بۆ لاینگران و موحاسسەی حزبی سودی لێوەردەگرن بۆ بەلاڕێدا بردنی داواکاری نارەزایەتیەکانی کرێکارانە، جێگای قبوڵی کرێکاران نیە.

ئەم نارەزایەتیەی کرێکاران پارێزگاری تازەی کەرکوک نەجمەدین کەریمی ناچار کردوە لەگەڵ کرێکاران دابنیشێت و قەولی چارەسەرکردنیان بدات، کە ئەمە هەنگاوێکە لە ڕاستای سەرکەوتنی کرێکاراندا. بەڵام دەبێ کرێکان رازی نەبن بە کتابنا و کتابکم لەنێوان بەغداو کەرکوکدا.

ئێمە پشتیوانی خۆمان بۆ کرێکاران و فەرمانبەران و داواکاریەکانیان ڕادەگەیەنین، سەرنجی کرێکاران ڕادەکێشین بۆ سەر ڕێکخستنی ڕیزەکانیان هەرچی زیاتر بەرامبەر هەوڵەکانی دەسەڵات بۆ خواندنی خۆپێشاندان ونارەزایەتیەکانیان و کۆتا نەین و ئەوە تێکۆشانی ئەوانە پارێزگاری ناچارکردوە بێتە پای دانوستان ودانی پەیمانی جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان، هێزی ئێمە لە ڕێکخراو بوون و یەکگرتویماندایە.

**سەرکەوتن بۆ خۆپێشاندانی کرێکاران و فەرمانبەرانی کارگەی چیمەنتۆی لەیلان**
**کۆمیتەی کەرکوکی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چە پی عێراق**
**5نیسان 2011**

**ماڵپە رە کانی تری کۆمۆنیزمی کرێکاری**

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران
www.wpiran.org

کۆمیتە ی کوردستانی
حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران
www.iskraa.org

سایتی مە نصور حیکمە ت
www.m-hikmat.com

سایتی حە مید تە قوایی
www.hamidtaqvaee.com

**بژی جمهوری سۆشیالیستی**

# ئەمڕۆ هێزە چەکدارەکان خۆپێشاندانی شاری سلێمانیان ڕوو بە ڕووی توند تیژی کردەوە!!

ئەمڕۆ خۆپێشاندانی شاری سلێمانی پێ نایە نێو دوو مانگی ڕەبەقەوە لە خۆپێشاندان، بۆرۆژێکی تریش هەزاران کەس لە ئازادخوازان و تێکۆشەرانی شارەکە کە ژنان و پیاوانی



ئازادیخواز و کچان و کوڕانی شارەکە لە سەرای ئازادیدا کۆبوونەوە و جارێکی تر پافشاریان کردوە لەسەر داخوازیەکان. هەر وەک ڕۆژانی تر کۆمەڵ کۆمەڵ لاوان پەیوەست دەبوون بە خۆپێشاندەرانی سەرای ئازادیەوە، خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بە خۆپێشاندان لەنێو شۆڕوشەوقی خۆپێشانداەراندا پەیوەست بوون بە خۆپێشادەرانەوە.

وەک ڕۆژانی تر چەندان کەس ووتاریان پێشکەش کرد و وزۆربەی قسەو باسەکان تەئکید کردنەو بوون لە ڕاوەستاوی و درێژە پێدانی خۆپێشاندانەکان و ناشەرعیەتی دەسەلأت و کۆتایی هێنان بە دەسەلأتی ئەوان و دادگایی کردنی سەرانی گەندەڵی دەسەلأت.

هەروەها بە پێی هەواڵێک کە فاروق ڕەفیق ڕایگەیاند کە ئەو بە یەک مانگ زیندانی حوکم دراوە ئەمە بووە هۆی ناڕازایەتی خەلک و تورەییکی زۆر لە نێو خۆپێشانەداندا.

لە هەمان کاتدا بەشێک لە خویندکاران ڕێڕەوی خۆپێشاندانەکەیان گۆڕی بەرە جادەی سالم لەوێدا ڕوو بەڕوو هێزەکانی ئاسیش و پۆلیسی مەدەنی و هێزەجەکدارە دەم هەڵپیکراوەکان بوونەوە تەقە دەستی پێکرد و فەزای ڕوو بوونەوە زاڵ بوو بەسەر شەقامدا تا دەهات فەزای سەرای ئازادی زیاتر بارگرژی بەخۆوە دەبێنی.

سمیر نوری ئەندامی مەکتەب سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەو کاتەدا ووتاری پێشکەش دەکرد کە تەقەکان هیواش هێواش بەرەو سەرای ئازادی دەهات بۆیە قسەکانی تەرخان کرد بۆ لێدوانی لە دژی هێزەکانی دەسەلأی ئەو ووتی"نە ئەم دەسەلأتە نە وحکومەتەکەیان نە زیندانەکان و هێزە چەکدارەکانیان شەرعێتیان نیە دەبێ بڕۆن" هەروەها بانگەوازی خۆپێشاندەرانی کرد ووتی" خۆپێشاندەران سەرای ئازادی چۆڵ مەکەن ئەمە مەیدانی تێکۆشان و دەسەلاتی جەماوەر دەبێ ڕوو بەڕووی هێزەکانیان بە هەموو تواناوە ببیەنەوە" هەرەها " ئیدانەی زیندانی کردن دەسگیرکردن دەکین کەس بۆی نیە لەسەر چالاکی سیاسی کەس زیندانی بکات"هەروەها لەبەشێک لەقسەکاندا ئیشارەتی بەوە کرد" شارەکانی تری وەک کەرکوک خەریکی خۆ ئامادەکردن کردنن بۆ یەکی ئایار ئەم ڕۆژە دەبێ هەرچی فراوانتر هێز بهێنینە مەیدان" لە کۆتایدا ئیشارەتی بە هێزی جەماوەر دەسەلأتدارێتی جەماوەر کردو ووتی" سەرای ئازادی مەیدانی دەسەلأتی جەماوەرە بژی دەسەلأتی جەماوەر"، کە دیارە لەهەمان کاتدا تەقە ڕوو بە ڕووی سەرای ئازادی تا دەهات زیاتر نزیکی دەبووەوە.

لەو کاتەدا کە جەماوەر لە نێو ئاپۆرەی شیعاردانداا بوون یەک دەنگ دەستیان ڕادەوەشاند لە مینبەری سەرای ئازادیەوە ووتاربێژان خەڵکیان هاندەدا بۆ ڕاوەستانەوەو ڕوو بە ڕوو بوونەوە چۆڵ نەکردنی سەراکە لە بەڕوی هەر تەهدیدێکدا، هێزە چەکدارەکان لە سێ لاوە هێرشیان هێنا بۆ مەیدانی ئازادی لە شەقامی سالمەوە و لەبەردەم مزگەوتی گەورەوە و لە خانەقاوە بە هەموو چەکیک ی‌ە تەقەکردن بەکارهێنانی گازی ئەشک هاوەر و بە کارهێنانی تێڵا و دارو بەرد، سەرای ئازادیان خەڵتانی خوێن کرد، بە پێی ڕاپۆرتی نەخۆشخانە حەوت کەس بە فیشەک بریندار بوون و 50 کەس بەلێدان بە بەرد لێدان گازی ئەشک هاوەر بریندار بوون ، لە نێو بریندارەکاندا کچێکی پەیامنێری ڕۆژنامە و ماڵپەڕی هاولاتی بە سەختی بریندار بوو. هەروەها چەند




کەسێک لە خۆپێشاندەران دەسگیرکراوان.

بەڵام هێزەکان نەیانتوانی سەرا بە خۆپێشاندەران چۆڵ بکەن ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادی ڕایگەیاند خۆپێشاندانەکان لەسەری ئازادی درێژەی دەبێت لە سبەینێ دا.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق وێڕای هیوای چابوونەوە بۆ بریندارەکان، دەسەلأتداران مەحکوم دەکات ڕایدەگەیەنێت ئەمە کارە دڕاندەنەیەش دەچێتە سەر تاوانەکانی تریان و جەماوەری کوردستان لێیان خۆش نابن تا چارەنوسیان بە چارەنوسی موبارەک و بن عەلی دەگات. هەروەها داوای ئازادکردنی دەسبەجێی گیراوەکان دەگات.

هەروەها حزب بانگەوازی سەجەم خەڵکی کوردستان دەکات بۆ درێژە دان بە خەبات وناڕەزایەتی وخۆپێشاندان وچۆڵ نەکردنی شەقامەکان بە تایبەت سەرای ئازادی سلێمانی تا کۆتای بە دەسەلأتی گەندەڵ و سەرکوتگەری کوردستان و لەهەمان کاتدا بانگەوازی خەلک دەکات خۆیان ڕێکخراو بکەن وئورگانەکانی بەڕێوە بردنی دەسەلأتی لە نێوە جەماورەوە بەیننە مەیدان.

**بڕۆخی دەسەلأتی گەندەڵ و سەرکوگەری ناسیۆنالێزمی کورد**
**سەرکەوتوو بێت هێزی جەماوەر**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**
**یەکشەمە 17ی نیسان 2011**

---

**وەرنە ناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراقەوە و بە هێزی بکەن لە پێناو بە دی هێنانی ئازادی یەکسانی حکومەتی کرێکاری لە پێناو دونیایەکی باشتر و دوور لە شەڕو جەنگ تیرۆر و برسیەتی و هەژاری وبێکاری وە لە پێناو جیا بوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لە پێناو کۆمەڵگایەکی سکۆلار و مۆدێرن وەلە پێناو سۆشیالیزمدا**

## چەند وێنەیەک لە چالاکی ڕێکخراوی رزگاری ژنانی عێراق لە شارەکانی واشنگتۆن و تۆرنتۆ









**نان کار ئازادی**